ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات، ژمارە نۆبەرەی لە 1–7– 2000 بڵاوبۆتەوە...**ژمارە**(236) **یەکشەممە**31- 01- 2010

نائارامی بۆ گەندەڵیەکان دەگەڕێتەوە

ڕەزوان کلیدار ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی ئەلعێراقیە بە ئاژانسەکانی ڕاگەیاندووە کە هۆکاری خراپی ڕەوشی ئاسایشی عێراق بۆ گەندەڵی بەڕێوەبردن دەگەڕێتەوە. نموونەش ئاشکرابوونی ناکارایی ئەو ئامێرانەیە کە بە مەبەستی دۆزینەوەو هەستکردنی تەقینەوەکان بە پارەیێکی زۆر خەیاڵی کڕدراون.

ڕەزوان ئاشکرای کردوە کە بەریتانیەکان لەلایەن خۆیانەوە فرۆشیارانی خۆیان دەدەنە دادگە، بەڵام حکومەتی عێراق هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتۆتەوەو خۆی نەبان کردوە کە خۆی کڕیویەتی و لایەنێکی سەرەکی گرێبەستەکەیە. ناکارایی ئەو ئامێرانە بوەتە هۆی ئەوەی کە بەهەزاران عێراقی ببنە ئامانج و گیانی خۆیان لەدەست بدەن، هەر ئەمەش وایکردوە کە تیرۆریستان درێژە بە تاوانەکانیان بدەن.

مالکی لە نێو کۆنگرەی هۆزەکاندا دژایەتی تایفی دەکات

چوار پارتی سوێدی کوشتاری دەرسیم بە جینۆساید دەناسن

نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق، ڕۆژی هەینی 29-1-2010 بەشداری لە کۆنگرەی هۆزی ئەلسودان دا کرد، بەناوی حکومەتەوە وتەیێکی پێشکەش کرد و پشتیوانی خۆی بۆ کۆنگرەی هۆزەکە دیارکردو ڕایگەیاند کە تواناکان لە ڕۆڵەی هۆزەکانی عێراقەوە هاتوون کە ئێمە لە پێناو پێشکەوتنی عێراقدا دەمانەوێ بەهێزو پتەووبن!

هەر لەنێو کۆنگرەی ئەو هۆزەدا ڕەخنەی لە هەندێک کەس و لایەن گرت و بەوە تۆمەتباری کردن کە باوەڕیان بە دیموکراسی و ئازادی نیەو لە گوێچکەیاندا تایفی هەیە لەپێناو کاری حزبیدا شەڕ دەکەن و ڕێگری لە پێشکەوتنی عێراقدا دەکەن.

نوری مالکی وێڕای ئەوەی کە لە وتەکەیدا باسی لە زیندووکردنەوەی هۆزەکان نەکرد، بەڵام بەشداریکردنی سەرۆکی وەزیران لە کۆنگرەی هۆزەکان و هاوکاری کردنیان بۆ بەستنی کۆنگرەو کۆکردنەوەی هێزەکانیان، خۆی لە خۆیدا بەرەو زیندوو کردنەوەی هۆزایەتی ڕێ دەگرێ و وڵات بەرەو سەدەکانی ڕابردوو دەگێڕێتەوە.

نوری مالکی لە وتەکەیدا گوتی:' پێویستە لەسەرمان بە جیهان بڵێین کە ئەمانە هۆزەکانی عێراقن، هەرچەندە نامانەوێ بەرەو سیستەمی هۆزایەتی بگەڕێینەوە، چونکە ئەمڕۆ هۆزەکان تواناو کادری شایستەیان تێدایەو کە دەتوانن وڵات ئاوەدان بکەنەوە لەسەر بنەمای زانستی و ڕۆشنبیری و هاوچەخی دا'

چاودێران ئەو قسانەی مالکی بە دوو فاقی دادەنێن، چونکە لە کاتێکدا بۆ بەهێزکردنی حزبەکەی هانی زیندووکردنەوەی هۆزایەتی دەدات لە هەمان کاتدا سەرکردەی حزبەکانی دیکە بە تایفی و کارکردن بۆ حزبایەتی تەسک تۆمەتبار دەکات. ئەو کارانەشی بۆ درێژ کردنەوەی تەمەنی خۆیەتی و بەس!

ڕۆژی 24 کانوونی دووەمی 2010 دا لەلایەن کۆمیتەی باکووری (کوردۆساید ڤچ) لە هۆڵی "ئا بی ئێف"ی شاری ستۆکهۆڵمی وڵاتی سویددا، کۆنفرانسی دەرسیم بەسترا. لەو کۆنفرانسەدا لەسەر ئازارو ئێشەکانی کورد، دەنگ و ڕەنگێکی نەتەوەیی و هاوکاریەکی سروشتی پێکهات، هەروەها دۆستانی کورد بەشدارییان تێداکرد، بەوهۆیەوە گفتوگۆ و توێژینەوەی سەرنجراکێش، لە سەر ئاستێکی نێونەتەوەیی بەڕێوەچوو.

جوان حاجۆ" هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان، بە گۆرانی (دەرسیم مالا مەیۆ) جۆش و خرۆشێکی نەتەوەیی بەخشیە کۆنفرانسەکە. ئایدۆلۆژیاو سیاسەت بە نەرمی و سروشتیەوە ڕێگەیان بۆ هاوکاری نەتەوەیی و کوردایەتی چۆڵکرد، دەنگی جوان حاجۆ هەیەجانێکی گەورەی لە هۆڵەکەدا دروستکردو باندۆرێکی مەزنی لە هزر و هۆشی ئامادەبوواندا بەجێهێشت.

پارتە سوێدیەکان بە کەسانی ناودار بەشداریان لە کۆنفرانسەکەدا کردبوو، لەوانە:

"ئەندێرش لاگۆ" لە پارتی سۆسیال دیموکرات. "یاکۆب یانسۆن" لە پارتی چەپ. "بۆدیل سیبالۆس" لە پارتی ژینگە."گولان ئاڤجی" لە پارتی گەل." مەحمود فەهمی" لە پارتی مۆدیرات. "دێسێری پیسرۆس ئێنگسترۆم" لە پارتی مەسیحی دیموکرات.

"ئەندێرش لاگۆ"، "مەحمود فەهمی" و "دێسێری پیسرۆس ئێنگسترۆم" بە درێژی لەسەر پرسی دیموکراسی و کارە دژ دیموکراسیەکان لە تورکیا ڕاوەستان.

"ئەندێرش لاگۆ" کۆمەڵکوژی دەرسیمی وەک قڕکردن ناساند.

"یاکۆب یانسۆن" و "بۆدیل سیبالۆس" کۆمەڵکوژی دەرسیمیان وەک بویەریێکی دژی مرۆڤایەتی بەناو کردو گوتیان کە ئەوان ئەم پرسە لە پارتەکەیاندا دەخەنە ڕۆژەڤەوە.

"گولان ئاڤجی" لە پارتی گەل، کۆمەڵکوژی دەرسیمی وەک دوا جینۆسایدی ئەتاتورک ناوزەدکرد. بەتایبەتی لەسەر ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا هەڵوێستی پێشاندا، هەروەها لە یەکێتی ئەوروپاو دەوڵەتی سوێدی خواست کە پرسی تورکیا بە جیددی وەرگرن، ئەو بەتووندی ڕەخنەی لە هەلوێستی جینۆسایدخوازانەی پارتی گەلی کۆماری تورکیا بە سەرۆکایەتی دەنیز بایکال گرت و هەموو پارتەکان و ئامادەبووانی لەسەر ئەم پرسە بەئاگاکردوە.

لە ئاکامدا نوێنەری چوار پارتی سوێدی بەڵێنیان دا کە بۆ ناساندنی کوشتاری دەرسیم بە جینۆساید کار بکەن.

شاندی حزبی ڕزگاریی کوردستان سەردانی چەندین لایەنی سیاسی کوردستان دەکات

بۆ لاپەڕە 2

کوردانی ناو سوپای عێراق، حکومەتی هەرێم بە کەمتەرخەم دەزانن

بۆ لاپەڕە 4

عومەر حەسەن بۆ هەفتەنامەی ڕۆژی گەل دەدوێ

بۆ لاپەڕە 5

دلێر عەبدولقادر: جیاکاری لەنێوان هونەرمەندان دەکرێ

بۆ لاپەڕە 7

سەرۆکی ئەڵمانیا پێشوازی لە کچە کوردێک دەکات

هۆرشت کۆلەر سەرکۆماری ئەڵمانیا پێشوازی لە ڕۆژین موراد دەکات.

بەبۆنەی سەری ساڵی نوێوە 62 کەس لەلایەن سەرۆکی ئەڵمانیاوە بانگهێشتی کۆشکی کۆماری کرابوون، یەک لەوان ڕۆژین موراد بوو کە کچە کوردێکی دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانیایە.

ڕۆژین موراد تەمەن 28 ساڵە لەسەر سەکۆ لەلایەن سەرکۆماری ئەڵمانیا پێشوازی لێکرا، هەروەها بەتایبەت سوپاسی کرا کە هاوکاری پەنابەرانی کردووە.

ڕۆژین موراد ساڵی 1981 لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایک بووە، ماوەی چەند ساڵێکە لە ئەڵمانیادا دەژی.

پۆلیساریۆو مەغریب دانوستاندن دەکەن

کریستۆفەر ڕووس، نێردەی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەمەبستی زیندووکردنەوەی دانوستاندنەکانی نێوان مەغریب و پۆلیساریۆ، بەنیازە لە ڕۆژانی داهاتوودا کۆبوونەوەیەکی تایبەت بۆ شاندی وڵاتی مەغریب و بەرەی پۆلیساریۆ ڕێکبخات.

هەر لەو پێوەندەدا، ئەلتەیب فاسی، وەزیری دەرەوەی مەغریب نامەیەکی بۆ بان کی مۆن سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ناردووەو گلەیی لە حکومەتی جەزائیرو بەرەی پۆلیساریۆ کردوە، بەوە تۆمەتباری کردوون کە گرفت لەسەر ڕێی دانوستاندنەکان دادەنێن و دەیانەوێ ڕەوتی دانوستاندنەکە بەرەو ئاقارێکی دیکەدا ببەن.

جێی ئاماژەیە کە بەرەی پۆلیساریۆ لەپێناو سەربەخۆیی بیابانی ڕۆژئاوا تێدەکۆشێ، بەڵام مەغریب بیابانی ڕۆژئاوا بەبەشێک لە خاکی وڵاتەکەی خۆی دەزانێ، بۆیە لە ساڵی 1989ەوە بەمەبەستی چارەسەری ئاشتیانە دەستیان بە دانوستاندن کردووە.

ڕۆژەڤ

کاتێک حزبی ڕزگاریی کوردستان لە15-8-1993 خۆی ڕاگەیاند، باشووری کوردستان بەرەو دوو تەوەریی دەڕۆیشت و بازنەی فرەحزبی بەرتەسک و بچووک دەکرایەوە، ئەوێ ڕۆژێ ژمارەی حزبەکان لە پەنجەی دەست تێپەڕیان نەدەکرد، بەڵام لە سەردەمی شەڕی نێوەخۆدا چەندین حزب و ڕێکخراوی دیکە پێکهێنران، دواتر چەندین هاوێربوون و لەتبوون ڕوویاندا.

حزبی ڕزگاریی کوردستان لەو باوەڕەدایە کە فرەحزبی بەمەبەستی نوێنەرایەتی کردنی چین و توێژەکانی کۆمەڵ دیاردەیێکی ڕاستە، بەڵام بەربڵاوو بەرفراوانکردنەوەی وەک ئێستای باشووری کوردستان نادروستەو دیاردەکەی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، بۆیە هەمیشە لەگەڵ ئەوەدابووە کە لایەنە هاوڕامانەکان هێزو توانای خۆیان لە بەرە یان چەترێکی هاوبەشدا کۆبکەنەوە، لە میانەی کارو چالاکی هاوبەشیشدا دەتوانن زەمینەسازی بۆ یەکبوون و یەکخستنیش بکەن، بەڵام هەرگیز حزبی ڕزگاری بۆ ئەوە خۆی ڕانەگەیاندوە تا ڕۆژێک خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و پایدۆزی لێبکات.

بەر لە پێکهێنانی سێهەمین کۆنگرەی حزبمان، لەملاو لەولا پروپاگەندەی ئەوە دەکرا کە حزبی ڕزگاریی کوردستان لە نێو سێهەمین کۆنگرەدا خۆی هەڵدەوەشێنێتەوەو بڕیاری یەکبوون لەگەڵ لایەنێکی دیکە دەدات، هەڵبەت کەسانێک بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان ئەو پروپاگەندەیان بڵاودەکردەوە، دەیانویست لەو ڕێیەوە گرفتی کاتی بۆ حزبی ڕزگاریی کوردستان قوت بکەنەوە، بەڵام سەرکەوتنی کارەکانی سێهەمین کۆنگرەو جەخت کردنەوە لەسەر درێژەدان بە تێکۆشان، هەموو ئەوانەی بەدرۆخستەوەو هەناسە ساردی کردن.

خۆ هەڵوەشاندنەوەو ناوگۆڕین تەنیا لە دەستەڵاتی کۆنگرەدایە، ئیدی تا کۆنگرەیێکی دیکە، ناحەزان ناتوانن پروپاگەندەی هەڵوەشاندنەوەی ڕزگاری بکەن، ئیدی حزبی ڕزگاریی کوردستان وەک جاران سەربەرزانە و لێبڕاوانە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی تێدەکۆشێت.